
# گەنج و خۆشەویستیی نیشتمان

ئەمڕۆ لە زۆر لە وڵاتاندا شەڕ و توندوتیژی بە هەموو شێوازەکانیەوە پەرەی سەندووە و بەهۆیەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی بۆتەوە و وڵاتەکانیشیان تووشی ناسەقامگیری و کارەسات هاتوون، ئەفغانستان و سووریا و لیبیا و یەمەن و عێراق و بەشێك لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا، بەدەست شەڕ و توندوتیژییەوە دەناڵێنن و توندڕەوی و تیرۆر ژیانی لە هاووڵاتییان تاڵ کردووە، هەڵبەتە هۆکار زۆرن بۆ سەرکێشی بۆ توندڕەوی، بەتایبەتی فکری توندڕەوی لە ناوچەکەدا گەشەی کردووە. لەم پێناوەشدا خەڵکێکی زۆری سڤیل بوونەتە قوربانی و رەوشی ژیانی ئاساییش لەو شوێنانەی کە توندڕەوی تێدایە ئاڵۆزە. یەکێك لەو توێژانەش کە خزێنراونەتە ناو ئەو هەزری توندڕەوییە گەنجانن، لە کوردستانیشدا ئەگەرچی لە سایەی خوا و شەونخوونی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و چاوکراوەیی خەڵکەکەی، ئەو دیاردەیە زۆر کەمە و بە شوێنانی دیکە بەراورد ناکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستانیش کەوتۆتە ناو جەرگەی ئەو وڵاتانەی کە تیرۆر و توندوتیژی تیایاندا گەشەی کردووە، بۆیە پروشکەکانیشی بەر دەکەون و ئەگەر ناحەزان و دوژمنانی ئەم ئەزموونەی کوردستان بۆیان هەڵکەوێ، پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن.

بۆ ئەوەی ئێمەی خەڵکی کوردستان خۆمان و نیشتمانەکەمان لە ئافاتی توندوتیژی بپارێزین، پێویستە بەر لە هەر لایەك خەریکی پێگەیاندنی لاوان و گەنجانی تازەپێگەیشتوو بین، بە شێوەیەك کە ئینتیمای نەتەوەیی و خۆشەویستیی نیشتمانیان لە دڵدا بەهێز بکەین، بۆ ئەمەش دەبێ تێکرای کۆمەڵگە بە خێزان و حکومەت و بواری پەروەردە و رۆشنبیری و مینبەرەکانی ئایین، هاوکار و یەکدەنگ بین بۆ پێگەیاندنی رۆڵەکانمان بە شێوەیەکی تەندروست و لەسەر باوەڕی بەرزی کوردایەتی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییە جوانەکانی کوردەواری، بواریش نەدەین کە هیچ فکرەیەکی توندوتیژ لەناو کۆمەڵگە سەر هەڵبدات.



فەرهەنگ غەفوور

هەروەها دەبێ حکومەت لە ڕێی دامودەزگاکانیەوە بەردەوام خولی پێگەیاندن و فێرکردن و ڕاهێنانی هونەری و ڕۆشنبیری و زانستییان بۆ بکاتەوە و زیاتر پەرە بە بواری وەرزش و هونەر و خوێندنەوە و کولتوور بدا و نەوەیەك بهێنێتە پێشەوە کە ڕۆئیایەکی جوانی ژیاندۆستانەیان هەبێ و نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ، لەهەمانکاتیشدا لێی بەهرەمەند بن، هۆڵی زیاتری شانۆ و سینەما و وەرزش و کۆڕ و سمیناریان بۆ بکرێنەوە و خول و ڕاهێنانی بەردەوامیان بۆ بکرێت، هەروەها حکومەت دەبێ ستراتیژێکی بەهێزی هەبێ بۆ نەهێشتنی هەموو دیاردەیەکی زیانبەخش لەناو کۆمەڵگە، لە سەکۆ و مینبەری هەموو ئایینەکانیشدا (کە کوردستان نیشتمانی پێکەوەژیانی ئایینەکان و پێکهاتە جیاوازەکانە) ڕۆحی برایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان و نیشتمانپەروەری گرنگیی زیاتری پێ بدرێ و هەموو توندوتیژی و توندڕەوییەك ڕەت بکرێتەوە. ئەگەر گەنجان ئاسۆیەکی ڕوونیان لەبەردەمدا هەبێ و دەرفەتی پێگەیاندنیان لە بواری هونەرە جوانەکان بە گشتی و ڕۆشنبیری و وەرزش و ئابووری و کاردا هەبێ، ئەوا ئەو وزە چالاکەی گەنجان دەچێتە خزمەتی ئاوەدانی وڵات و گەشەکردن و داهێنان، سەرەنجام وڵات پێشدەکەوێ و ژیانی کۆمەڵگەش ئارام و پڕ دەستکەوت دەبێ.

لای خۆشیانەوە گەنجان دەبێ زۆر لەوە ڕۆشنبیرتر و چاوکراوەتر بن کە بە فکرەی پووچ و نەخۆش زیان لە خۆیان و لە هاووڵاتیان و نیشتمانەکەیان بدەن. ئەگەرچی وەك لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا، ئەم دیاردەیە لەناو گەنجانی ئێمە و لە وڵاتەکەمان زۆر کەم و دوورە، بەڵام ئەگەر تاکە یەك حاڵەتیش ڕووبدا زۆرە و پێویستە هەموومان پێکەوە بەرەنگاری ناحەزان و توندڕەوان ببینەوە، هەموومان پێکەوە کار بۆ پارێزگاری لە نیشتمان و گەشەپێدانی بکەین، دەبێ ڕۆڵەکانمان بە گیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری گۆش بکەین، بۆ ئەوەی پارێزەری بەهێزیان لێ دەربچێ بۆ کوردستان و ئارامیی کۆمەڵگەکەمان.



# دیمی لۆڤاتۆ کەوتەوە نەخۆشخانە



دوای ئەوەی دیمی لۆڤاتۆی کچە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و خواردنەوە کهولییەکانی دوور کەوتبۆوە، بەم دواییە گوتەبێژێك بە ناوی لۆڤاتۆ رایگەیاند بە هۆی بەکارهێنانی بڕێکی زیادی هیرۆیین لۆڤاتۆ بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، دوای ئەوەی باری تەندروستی ناجێگیر بوو.

سەرچاوەکە لە بەیاننامەیەکدا دووپاتی کردووەوە کە: ئێستا تەندروستی لۆڤاتۆ زۆر باشە و لە پەیامێکدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کردووە کە هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆیانیان بۆی دەربڕی و نوێژیان بۆی کردووە و هیوای چاکبوونەوەیان بۆ خواستبوو، سەرچاوەکە ئەوەشی روونکردەوە کە چەندین هەواڵی نادروست دەربارەی تەندروستیی لۆڤاتۆ بڵاوکراونەتەوە و هەواڵەکانی بە نادروست و هەوڵێکی دارێژراو بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی ئەو ئەستێرەیە وەسف کرد.

شایەنی باس کردنە دیمی لۆڤاتۆی تەمەن ٢٦ ساڵ بۆ ماوەی شەش ساڵ لە خواردنەوە کهولییەکان و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دوور کەوتبۆوە و بەم بۆنەیە بەر لە چەند مانگێك ئاهەنگێکی تایبەتی ئەنجامدابوو، بەڵام بەم دواییە بە هۆی بەکارهێنانی بڕێکی زیادی هیرۆیین بۆ ماوەیەك تەندروستی ناجێگیر بوو و بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە خەوێندرا.

# ئیشواریا رای: سەلمان خان بۆ من کابووس بوو

ماوەیەك ئیشواریا رای ئەستێرەی بۆڵیۆد و شاجوانی پێشووتری جیهان و سەلمان خانی ئەستێرەی بۆڵیۆد لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا بوون و باسی سەر زاری میدیاکان بوون، بەڵام چیرۆکەکەیان تراژیدییانە کۆتایی هات و ئیشواریا ناچار بوو ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کوڕی ئەمیتاب باتشان پێك بهێنێت.

پێدەچێت ئەم پەیوەندییە تا ئێستاش کاریگەریی لەسەر ئیشواریا مابێت، چونکە بەم دواییە لە دیمانەیەکدا رایگەیاند کە ئەو ماوەیەی ژیانی وەك کابووس وایە کە هەرگیز لە یادی ناکات و ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سەلمان خان کار بکات، ئەگەر نرخەکەی هەرچەندێك بێت، ئاماژەی بەوەش کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەیاننامەیەکی تایبەتی سەبارەت بە پەیوەندییەکەیان بڵاو کردەوە.

لە ماوەی پەیوەندییەکەیان کە لە ساڵی ١٩٩٨ دەستیپێکرد سەلمان و ئیشواریا لە فیلمی (هۆم دایل شۆکی سانام)دا کاریان کرد کە لە دەرهێنانی سانجای لیلا بهنسالی بوو، لەم فیلمەدا وەك باشترین دوانەی بۆڵیۆد دەرکەوتن بۆیە هەموو لایەك تێبینی گونجانی ئەم دووانەیان دەکرد لە دەرەوەی کاری هونەریدا و بوونە باسە سەر زوبانەکان، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١ کۆتایی پەیوەندییەکەیان زۆر ناخۆش بوو کاتێك ئیشواریا رایگەیاند سەلمان خان دەستدرێژی جەستەیی کردۆتە سەری، بەم شێوەیەش کۆتایی هات، ئیشواریا لە ساڵی ٢٠٠٣ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و جیابوونەوەی خۆی راگەیاند، هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتبوو:لەو ماوەیەدا بەرگەی ئالوودەبوون و رەفتار و قسە نەشیاوەکانی گرتووە و وەك هەر ئافرەتێکی دیکە کە رێز لە خۆی دەگرێت پەیوەندییەکەم کۆتایی پێهێنا.

هەر لە بەیاننامەکەدا ئیشواریا پەیوەندییەکەیان بە کابوس وەسف دەکات دەڵێ: سوپاس بۆ خوا کە پەیوەندییەکەمان کۆتایی هات، هەروەها لەپێناو خۆشگوزەرانی و عەقڵیەت و کەرامەتی خۆم و خانەوادەکەم بەڵێنم داوە بە هیچ شێوەیەك چیتر لەگەڵ سەلمان خان کار نەکەم.

## دۆتمیر:
# مافی هونەرمەندی کورد بە هیچ شێوەیەک ناپارێزرێ



دۆتمیر نازێ یەکێکە لەو کچە بەهرەمەندانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەرییە و سەرەڕای بچووکیی تەمەنی، بەڵام بەو کارانەی پێشکەشی کردوون، شوێن پەنجەی دیارە و ئەگەر بەردەوام بێت لە داهاتوودا دەبێتە یەکێك لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی کە خزمەت بە هونەری رەسەنی کوردی دەکەن.

دۆتمیر خەڵکی شاری ورمێ-ی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات، سەبارەت بە هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانییەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەڵبژاردانی هەر کارێك پرس و راوێژ بە کەسانی شارەزای بواری هونەری دەکات و لەم بارەوە دەڵێ:

من لە سەرەتای کاروانی هونەریدام و تا ئێستا خۆم هێشتا بە منداڵ دەزانم لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا، بۆیە لە هەموو کاری هونەریمدا پرس بە کەسانی شارەزای بواری هونەری کوردی دەکەم، سەبارەت بە هەر گۆرانییەك کە لە چ ئاستێکدایە و تا چەند لەگەڵ دەنگی من دەگونجێت، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنێکیان لەو بوارە بەسەر بردووە و شارەزای تەواویان لە ئاوازدانان هەیە، سەبارەت بە تێکستی گۆرانییەکانیش، من ئەوانە هەڵدەبژێرم کە خۆمی تێدا ببینمەوە و بزانم چۆن لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێ دەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی راوێژ بە کەسانی شارەزا دەکەم.

سەبارەت بە پاراستنی مافی هونەرمەندانی کورد وەك هونەرمەندانی هەموو وڵاتان و پێشێل نەکردنی دۆتمیر دەڵێ:

بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە مافی هونەرمەندی کورد بە هیچ شێوەیەك ناپارێزرێ لە هەموو روویەکەوە، هەروەها کەسانێك هەن ئەگەر بیانەوێ کەسێك پێش بخەن، ئەوا بە هەموو شێوەیەك یارمەتی دەدەن و لە بەرامبەردا کەسانی دیکە ژێر دەخەن، من نازانم ئەمە لە بەرامبەر چییە، بەڵام ئەو جۆرە کارانە بوونیان هەیە، من وەك دۆتمیر تا ئێستا نە سەر خراوم، نە ژێر خراوم و لە قۆناغێکی دیاریکراوی هونەریدام.



# گرووپی هەڵپەڕكێی كەركووك
# گرووپێک لە چوار نەتەوەی جیاوازدا

گرووپی هەڵپەڕكێی كەركوك، لە ٩ كچ و ٩ كوڕ پێكدێت، لە ساڵی ٢٠٠٥یشەوە دامەزراوە، لە دەستپێكیشدا چەندین پڕۆژە و بەرهەمی ناوازەی لە شارەكانی كوردستان پێشكەش كردووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ ـەوەش تا هەنووكە، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری هونەردۆست لقی كەركوك بەردەوامن، وەك (محەمەد دزەیی) سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری سەنتەر و گرووپەكە دەڵێت: لە ماوەی دامەزراندنی گرووپەكەمان چەندین دەستكەوتی گەورەمان لە وڵاتانی دنیا بەدەست هێناوە و دیارترین تابلۆش كە شانازی پێوە دەكەین، تابلۆی گەرمیانە و لە گرووپەكەشماندا تەنیا كورد نابینرێت، بەڵكو كورد و عەرەب و توركمان و مەسیحی بەشدارن.

گرووپی هەڵپەڕكێی كەركوك لە كوردستان مۆڵەتی فەرمی لە سەرەتای ٢٠٠٥ وەرگرتووە، بە شاكارە جوانەكانی خۆی وەك گرووپێكی هونەری جوان ناساندووە، بەتایبەت لە میانی جەژنەكانی نەورۆز و سەركەوتنەكانی گەلی كورد كە وەك یەكێك لە دیارترین گرووپە هونەرییەكان بە شایی و هەڵپەڕكێ و جلی رەسەنی كوردییەوە كچان و كورانی ئەو گرووپە خزمەتی هونەرییان كردووە، لە سەرتاسەری عێراقیشدا بوونەتە جێی سەرنجی ئامادەبووانی هۆڵەكان.





### جگە لە هەڵپەڕکێ شانۆ و موزیکیش دەبینرێت!

دیارە ئەوان تەنیا گرووپێکی شایی نین، بەڵکو لە چەند بوارێکی دیکەی هونەردا کاردەکەن. (محەمەد دزەیی) بەڕێوەبەری سەنتەری هونەر دۆست تیشك دەخاتە سەر رۆژانی سەختی دامەزراندنی گرووپەکەی و دەڵێت: «متمانەی زۆرمان بە کچان و کوڕانی ئەو گرووپە هەیە لە میانی بەشداربوون لە فیستیڤاڵ و کارە هونەرییەکاندا بەتایبەت ئافرەتێك کە بە پێشەنگی دەزانم لە گرووپەکە ئەویش (زەینەب شوان)ـە، کە هەمیشە پێشەنگە لە نێو کچانی گرووپەکەدا، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئێمە تەنیا لە یەك بواردا خزمەت بە هونەر ناکەین، بەڵکو لە شانۆ و شیعر و کۆرس و موزیك و شێوەشدا بەشدارین و دەستکەوتی زۆریشمان لە گشت بوارەکاندا بەدەست هێناوە.»

گرووپی هەڵپەڕکێی کەرکووك توانیویەتی بۆ نیشاندانی کەلتووری پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە لە هەر چوار نەتەوەکەی عەرەب و کورد و تورکمان و مەسیحدا پێك بهێنرێت، کە هەر یەکەوە جۆرێك لە جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەروەها لە کاتی نمایشە هونەرییەکاندا هونەر و کەلتووری هەر چوار نەتەوە دێتە بەرچاو، کە ئەمەیش جێگەی دەستخۆشییە کە بتوانرێت هونەری چوار نەتەوەی جیاواز تێکەڵ بە یەکتر بکرێت، ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە لە هەرێمی کوردستان کەلتووری پێکەوەژیان تەنیا بە قسە نییە، بەڵکو بە بەڵگە لە گشت جومگەکانی ژیاندا بوونی هەیە و تەنانەت خۆی خزاندووەتە نێو کۆڕی هونەریشەوە، کە ڕەنگێکی جوانی بە هونەر بەخشیوە.

### پێویستمان بە ئاوڕلێدانەوەی زیاترە

ئەوەی جێگەی نیگەرانیی ئەو گرووپە هونەریەیە، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیش کە پارێزگای کەرکوکی لەدەستە نایانتوانیوە بودجەیەك، یان بڕە پارەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو گرووپە هونەرییە تەرخان بکەن، وەك بەڕێوەبەری گرووپەکە باسیکرد، چەند جارێك لە نزیکەوە باسی ئازارەکانی خۆیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار کردووە، بەڵام کەس گوێی بۆ نەگرتوون و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ، حکومەت بە هیچ شێوەیەك هاوکارییانی نەکردووە.

لە بارەی ئەوەی کێ سەرچاوەی دارایی ئەو گرووپە هونەرییە دابین دەکات؟، (محەمەد دزەیی) راشکاوانە دەڵێت: «سەنتەری سویدی لە هەولێر مووچە بۆ ئەندامانی گرووپەکەمان دابین دەکات و هەمیشە پاڵپشتی لە پڕۆژە هونەرییەکانمان دەکات، چ لە کوردستان بێ، چ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوان لە ئامانجی ئێمە تێدەگەن کە ئێمە تاکە مەبەستمان لە بەشداربوون لە فیستیڤاڵ و پڕۆژە هونەرییەکاندا سەرکەوتنی گەلەکەمانە، بەڵام هیچ لایەنێك نایەنە پێشەوە بۆ دەستگرتنی کچان و کوڕانی ئێمە تا بتوانین وەك گرووپێکی نموونەیی لە وڵاتانی دنیا بناسرێین.

### دیارترین کارە هونەرییەکانمان

ئەو بەرپرسە هونەرییەی ئەو گرووپی هەڵپەڕکێی کەرکووك دەڵێت: «ئێمە هەمیشە شانازی بە سەرکەوتنەکانی خۆمان دەکەین، کە لە ماوەی رابردوودا بەشداربووین لە وڵاتانی (جۆرجیا، پۆڵۆنیا، ئێران و... هتد)، کە لە هەر یەکێکیاندا دەستکەوتێکی نوێمان بەدەست هێناوە، تەنانەت زۆربەی وڵاتانیشمان سەرسام کردووە بە شاکارە هونەرییە کوردییەکان و واشمان لێکردوون کە لە تەواوی فیستیڤاڵ و کارە هونەرییەکاندا بە فەرمی بانگهێشت بکرێین، چونکە ئەوان پێیانوایە جووڵە هونەرییەکانی گرووپەکەی ئێمە تەواو جیاوازە لە وڵاتانی دیکە، راستە لە رووی کەلتوورەوە ئێمە لە چەند نەتەوەیەکەوە نزیکین، بەڵام لە هونەری خۆماندا لە کەس ناچین، توانای رادەبەدەری کچان و کوڕانی ئەو گرووپەش بووەتە جێگەی باسی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا بەشداربووین، هەمیشە بە سەرسامییەوە دەڕواننە پڕۆژە هونەرییەکانی ئێمە.»

لە دواوتەیدا ئاماژەی بۆ تابلۆیەکی بەپێز کرد، کە ناویان ناوە: (تابلۆی گەرمیان)، کە تابلۆیەکی هونەری و جوانی ئەوانە و لە زۆربەی فیستیڤاڵ و کارە هونەرییەکانیشدا نمایشیان کردووە، بەمەش ناوێکی جوانی پێشکەش بە خەڵکی وڵاتانی دیکە کردووە.